دینارێک خەرجت کردبێت لە پێناو اللە، ودینارێك خەرجت کردبێت بۆ ئازاد کردنی بەندەیەک، ودینارێک وەکو خێر ببەخشیت بە هەژارێک، ودینارێک خەرجت کردبێت لەسەر خاوخێزانت، وگەورەترینیان لە پاداشتدا ئەوەیانە کە خەرجی دەکەیت لەسەر خاوخێزانت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «دینارێک خەرجت کردبێت لە پێناو اللە، ودینارێك خەرجت کردبێت بۆ ئازاد کردنی بەندەیەک، ودینارێک وەکو خێر ببەخشیت بە هەژارێک، ودینارێک خەرجت کردبێت لەسەر خاوخێزانت، وگەورەترینیان لە پاداشتدا ئەوەیانە کە خەرجی دەکەیت لەسەر خاوخێزانت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەندێك لە جۆرەکانی خەرجی باسکرد، فەرمووی: دینارێك کە خەرجی دەکەیت لە پێناو اللە، دینارێك کە خەرجی دەکەیت لە ئازاد کردنی بەندایەتی وکۆیلایەتی، ودینارێك کە خەرجی دەکەیت بۆ خێر کردن بە هەژارێکی پێویست، ودینارێك کە خەرجی دەکەیت لە سەر خاوخێزان ومندالّەکانت، پاشان ڕایگەیاند کە مەزنترینیان لە خێرو پاداشت لە لای اللە ئەوەیانە کە خەرجی دەکەیت لەسەر خاوخێزان ومندالّەکانت وئەوانەی واجبە خەرجیان لەسەر بکەیت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5813